**حسین مرادبیگی(حەمە سوور)**

**سەبارەت بە هەراوهوریای ئەم دوایانەی ناسیونالیستە کوردەکان لە دژی فاتح شیخ الاسلامی**

**ماوەیەکە چەقۆکێشانی ناسیونالیستی کورد، ئەوانەی کە لە سەر ئەم سایت و ئەو سایت دا دەستیان کردوە بە جنیو دان و ئیهانە کردنی فاتح شیخ الاسلامی، کەوتوونەتە کەف هەلچراندن و داوای محاکمە و تەنانەت بە شێوەی ئاخوند و مەلا کۆنەپەرستەکان "فتووای" کوشتنی هاورێ فاتح یان داوە. هۆی ئەم کارەش لە نەزەر ئەو لۆمپەنانەوە ئەوەیە کە سایتی بروسکە، سایتی "سازمانی زەحمەتکێشان"، قسە و باسێکی کورتی فاتح شێخ الاسلامی لە سەر ناسیونالیزمی کورد و "قارەمانانی" ئەم بزوتنەوەیە کە فاتح لە کۆبوونەوەیکی ناوخۆی چەند ساڵ لەوە پێشی حیزبی کومونیستی کریکاری ئێران دا وتویەتی، بڵاوکرۆتەوە، ئەم باسە کورتەی فاتح بە دوای ئیختلافاتی ناوخۆی حیزبی کومونیستی کریکاری ئیران دا کەوتۆتە دەستی سایتی ناوبراوەوە.**

**لەم بارەیە بە پێویستی دەزانم بە کورتیش بووە نەزەری خۆم دەربرم:**

**یەکەم، لە ولاتانی رۆژئاوای وەکوو، ئامریکا، بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە و .. گاڵتە کردن بە کەسانی وەکوو بووش و بلێر و گێرهارد شرودر و شیراك و...شتێکی ئاسایە، چ لە لایەن رۆژنامەکانەوە و چ لە لایەن کەسانی ناسراوو بەناوبانگەوە. ئایا "قارەمانانی" ناسیونالیزمی کورد کە لەوانەش زۆر دواکەوتووترن، "تاقانەن"؟! لە راستیشدا "تاقانە" نین، ئەمانە ریاکارانە وایان نیشان دەدەن. بچنە شاری سلیمانی بزانن کێ و چی، گاڵتەی خەڵکی ئەم شارەن، بزانن چۆنیان ناو دەبەن، چۆن باسیان دەکەن وچیان پێ دەڵێن!**

**دووهەم، ئەگەر ئەمانە لە سەری گاڵتەکردن بە "قارەمانانەکانیانەوە" بۆی دەچن، هەروەك پێشتر باسم کرد، برۆنە شارەکانی کوردستانی عێراق و بزانن خەڵکی ئەو شارانە چ بە بەرێوەبەرانی ناسیونالیستی کورد دەڵێن؟ سەرێك بکێشنە ناو سایت و ماڵپەرە کوردیەکانەوە و بزانن ناسیونالیستە کوردەکان خۆیان چ بەو "قارەمانانە" یان دەڵێن؟ ئەو کەسانەی کە ئیهانەی هاورێ فاتحیان کردوە، خۆێیان بەشێکن لە دەزگای ئەم گاڵتە جارە، خۆیان گاڵتە بەمانە دەفرۆشن و گاڵتە دەکررن، لێرە دا مەبەستیان شتێکی ترە، هەر بۆیە ریاکارانە خۆیانیان لێ گێل کردوە.**

**سێهەم، خەڵکی کوردستان حەقیانە بەم بەرێوەبەرانە گاڵتە بکەن، ئەمانە چ گولێکیان داوە لە سەری خەڵکی کوردستان، تا خەڵکی کوردستانیش "گولێك" بدەن لەسەری ئەوان؟ کەسانێك کە بە درێژایی مێژوو بۆ جارێکیش بووە نەهاتوون و نەهاتنە پای چارەسەرکردنی یەکجاری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، کە دەستیشیان گەیشت بە دەسەلات، 11 ساڵی تەواو خەڵکی کوردستانی عێراقیان بە مۆتکەی گەرانەوەی سەددام چاوەروان راگرت، ئێستاش بە هومێدی وەرگرتنی "فیدرالیزم" چاوەروانیان راگرتوون. خۆیان بە زۆری ئاسایش و هێزی نیزامی کردۆتە "سەرۆك"، سەروەت و سامان و داهاتی کوردستانی عێراقیان کە دەتوانێ کوردستانی عێراق بە تەواوی تێر و تەسەل کا خستۆتە ژێر چۆکی خۆیان، خۆیان و بەرێوەبەرانی حیزبەکانیان بە قەسر و قسوری خۆیان و پوول و پارەیەك گەیشتون کە سەریان تێدا سوورماوە و بە خەون و خەیاڵیش نەیان دەدی، کەچی منالی فەقیر و هەژاری شارەکان هەر عەلاگە فرۆشن و بوون بە خاوەنی ماڵێکی**

دوو ژوور بۆ کرێکارێکی ئاسایی خەریکە دەبێتە خەون و خەیاڵ! ئەگەر ئێمە دەمان کوت و دەمان نووسی کە بۆ ئەم "سەرۆکانە" مەسەلەی نەتەوایەتی کورد تەنیا دەست مایەی ورگرتنی ئیمتیازێکە بۆ خۆیان و بۆ حیزبەکانیان، ئەم جەماعەتە کەفیان هەلدەچراند! ئەم واقیعیەتانە بوونەتە هۆی رق و نفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستان لەم بەرێوە بەرانە و لە بەرێوەبەرانی چەشنی ئەمانە، کار لە گاڵتە کردن تێپەریوە!

چوارم، کەوایە مەسەلە ئەوە نیە، ئەو لومپەنانە ئەمەیان کردۆتە داردەست بۆ ئەوەی بە خیاڵی خۆیان لەتمە لە شەخسیەتی فاتح شیخ الاسلامی بدەن. ئەمانە دەزانن فاتح شیخ الاسلامی کەسایەتێکی سیاسی ناسراو و خۆش نێوە، دەبینن فاتح هەموو لێهاتوویی سیاسی خۆی خستۆتە پێناو خەبات بۆ سۆسیالیزم و ئازادی ئینسان و دژ بە خورافەی نەتەوایەتی و قەومی و دژ بە ناسیونالیزم راوەستاوە، لەوە توورەن، لە جیاتی نەقدی سیاسی و جەدەلی سیاسی لەگەڵ هاورێ فاتح، پەنایان بردۆتە بەر جنێو دان و ئیهانە کردن.

دڵنیابن ئەم هات و هوریا و کەف هەلچراندن و لومپەن بازیە تان سودێکی نیە و غەێری شەرمەزاری هەرچی زیاتر لە بەرمبەر خەڵکی پێشکەوتوو و ئازادیخۆازی کوردستاندا بەرهەمێکی تری بۆتان نابێ. دەتانەوێ بە ئیهانەکردنی بەرێوەبرانی خۆشەویست و ناسراوی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کسایەتێکی وەکووفاتح شیخ الاسلامی و ئەوانەی لە ناو حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێران – حکمتیست دان، نیشان بدەن کە خزمەت گوزاری بێ جیرە و مواجبی ئەم بە نێو سەروکانەن؟ ئەم ئیشە "مەزنەیان" لێ پیرۆز بێ پر بە پێستانە !

24 ئەیلولی 2004